دکتورسالح ئیبراهیمی



لە شەودا کڕنۆش و سوژدەی بۆ بەرە و لە درێژایی شەوگاریشدا زۆر پاکی و بێخەوشی ئەو (خوا) بلێ ﴿۲۶﴾ ئەوانە دنیای زۆر ڕابووریانیان خۆشدەوێ و ڕۆژێکی سەخت (قیامەت) دەخەنە پاش خۆیانەوە (دنیایان گرتووە و قیامەتیان وەلا ناوە) ﴿۲۷﴾ ئێمە ئەوانمان ئافراند و خەلق کردووە و پەیوەندی لەشولاری ئەوانمان پتەو کردووە، هەموو ئەندامی ئەوانمان داپێچاوە هەرکاتێ بمانەوێ جێی ئەوانە بە تاقمێتر وەکوو خۆیان ئەگۆڕینەوە ﴿۲۸﴾ ئەمە بیرەوەری و ئامۆژگارییەکە هەرکەس بیەوێ ڕێگایەک بۆ لای پەروەریـنەری خـۆی هەڵبژێری ﴿۲۹﴾ ئێوە ناتوانن شتێکتان بوێ مەگەر ئەوەی خوا دەیەوێ، خوا پڕزانا و لەکارزانە ﴿۳۰﴾ هەرکەس کە خوا بیەوێ ئەیخاتە نێو ناز و نیعمەتی خۆی، بۆ ستەمکاران عەزابی دەرداوی ئامادە کردووە ﴿۳۱﴾

## سوورەی مورسەلات ۵۰ ئایەتە

### سوورەی مورسەلات لە مەککە هاتۆتە خواری و بە (بسم‌الله)وە ۵۰ ئایەتە

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

سوێند بە باگەلێ یەک بە دوای یەکا نێردراون ﴿۱﴾ بە باگەلێ سەخت و بە گژەگژ هاتن ﴿۲﴾ بە باگەلێ بلاوکەرەوەی (هەور) بە توندی و بارانهێنەر ﴿۳﴾ سوێند بەوانەیش بە هەڵبژاردن، هەڵداوێرن و ڕاست لە پووچ و ناڕاست جیا دەکەنەوە ﴿۴﴾ سوێند بەوانەی کە یادی خوا (بە پێغەمبەران) فێر دەکەن ﴿۵﴾ بۆ (لابردنی) بیانوو یا بۆ ترس وەبەرنان ﴿۶﴾ گفت و سۆز و قەول و ئەوەی بەڵێنتان پێدراوە دێتە دی ﴿۷﴾ کاتێ ئەستێرەکان تاریک و بزر بوون ﴿۸﴾ کاتێ کە ئاسمان لەت و کەلێنی بەست ﴿۹﴾ هەروەختێ کێف و کەژان هەژان و تێک رووخان ﴿۱۰﴾ کاتێ کە بۆ پێغەمبەران کات دیاری بکرێ (هەر کاتێ لە ڕۆژی قیامەت پێغەمبەران کۆ بکرێنەوە – ئیمام فەخری ڕازی ج ۳) ﴿۱۱﴾ بۆ چ ڕۆژێک بە دوا خراوە ﴿۱۲﴾ بۆ ڕۆژی جیاکردنەوە (ی هەق لە باتڵ) ﴿۱۳﴾ تۆ چوزانی کە ڕۆژی جیاکردنەوە چ ڕۆژێکە؟ ﴿۱۴﴾ وای لەو ڕۆژەدا بۆ بە درۆخەرەوان ﴿۱۵﴾ ئایا ئێمە هۆزی (تاوانباری) پێشینانمان لە نێو نەبرد ﴿۱۶﴾ لە دوای ئەوان، ئەوانەی دواییش لە نێو ئەبەین ﴿۱۷﴾ (بەڵێ) ئابەمجۆرە لەگەڵ تاوانباران ڕەفتار دەکەین ﴿۱۸﴾ لەو ڕۆژەدا وای بۆ بە درۆخەرەوان ﴿۱۹﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

ئایا ئێوەمان لە ئاوێکی بێ بایەخ وەدی‌نەهێنا ﴿٢٠﴾ لە پاشان ئەومان خستە نێو جێی پتەو (واتا مندالْدانی دایک) ﴿٢١﴾ تا سەردەمی دیاری‌کراو (واتا رۆژی لە دایک بوون) ﴿٢٢﴾ جا ئێمە بە ئەندازە بەدیمان هێنا (ئەندازەی خوێن، ئاو، گۆشتی بەدەنی مرۆڤ) ئای کە چەندە چاکمان توانی ﴿٢٣﴾ لەو رۆژەدا وای بۆ بە درۆخەرەوان ﴿٢٤﴾ ئایا زەویمان نەکردە مەکۆ و جێی کۆبوونەوەی مرۆڤ ﴿٢٥﴾ بۆ زیندووان و مردووان ﴿٢٦﴾ لەودا کێو و چیای بلێند و پتەومان بەدی‌هێناوە و لە ئاوێکی خۆش تێرئاومان کردن ﴿٢٧﴾ لەو رۆژەدا وای بۆ بەدرۆخەرەوان ﴿٢٨﴾ (لەو رۆژەدا بەوانە دەوترێ:) بێ‌خۆراگرتن بۆ لای ئەوەی بە درۆتان ئەزانی بکەونە رێ ﴿٢٩﴾ بۆ لای سێبەری دووکەلێ سێ‌چوکڵە و سێ شاخە بچن ﴿٣٠﴾ نە سێبەرێکی فێنکە و نە لەگڕی ئاگر بەرگیری دەکا ﴿٣١﴾ ئاگرێکی وا کە پڕشکی وەک کۆشک (کێو) فڕێ‌ئەدا ﴿٣٢﴾ (لە توند ڕۆیشتندا) هەروەکوو وشتری بەرگن زەردن ﴿٣٣﴾ لەو رۆژەدا وای بۆ بەدرۆخەرەوان ﴿٣٤﴾ ئەمە ڕۆژێکە کەس ناپەیڤن، قسە ناکەن ﴿٣٥﴾ بەوانە ئیجازە نادرێ کە تەوازی و عوزر بهێننەوە ﴿٣٦﴾ لەو رۆژەدا وای بۆ بەدرۆخەرەوان ﴿٣٧﴾ ئەمرۆ، رۆژی جیاییە (هەق لە باتڵ) کە ئێوە و هەموو پێشینانمان کۆ کردۆتەوە ﴿٣٨﴾ ئەگەر لە راستمندا چارە و فێڵێکتان بۆ هەیە دەکارن بە کاری بەرن ﴿٣٩﴾ لەو رۆژەدا وای بۆ بەدرۆخەرەوان ﴿٤٠﴾ خۆپارێزان لە بن سێبەرەکان و (لەسەر) کانیاوەکانن ﴿٤١﴾ میوەگەلێ هەر چەندی کە بیانەوێ و ئارەزووی بکەن ﴿٤٢﴾ بە پاداشی کارگەلێ کە کردووتانە، بخۆن و بخۆنەوە، نۆشتان بێ ﴿٤٣﴾ ئێمە ئابەمجۆرە بە کارچاکان پاداش ئەدەینەوە ﴿٤٤﴾ لەو رۆژەدا وای بۆ بەدرۆخەرەوان ﴿٤٥﴾ بخۆن و لەم ماوە کەمە(ی دنیا) لەزەت ببەن، ئێوە تاوانبارانن ﴿٤٦﴾ لەو رۆژەدا وای بۆ بەدرۆخەرەوان ﴿٤٧﴾ کاتێ پێیان بگوترێ: کڕنۆش و ڕوکووع ببەن، ناچنە کڕنۆش ﴿٤٨﴾ لەو رۆژەدا وای بۆ بەدرۆخەرەوان ﴿٤٩﴾ (ئەگەر ئەوانە بەم قورئانە بڕوا نەهێنن)، دەسا ئەوان پاشی قورئان بە کێهە قسە بڕوا دەکەن ﴿٥٠﴾